## مێژووی مۆندیال

### مۆندیالی ساڵی ١٩٧٠




نۆهەمین مۆندیال لەساڵی ١٩٧٠ لە وڵاتی مەكسیك ئەنجامدرا، لەم مۆنیالەدا شانزە هەڵبژاردە بەشداریانكردو لەچوار كۆمەڵە پێك هاتبوون، كۆمەڵەی یەكەم هەڵبژاردەكانی (مەكسیك، یەكێتی سۆڤیەت، بەلجیكیا، سەنغافور) تیایدا هەردوو هەڵبژاردەی مەكسیك و یەكێتی سۆڤیەت سەركەوتن. كۆمەڵەی دووەم هەلبژاردەكانی (ئۆرۆگوای، ئیسرائیل، ئیتاڵیا، سوید) تیایدا هەردوو هەڵبژاردەی ئیتاڵیاو ئۆرۆگوای سەركەوتن. كۆمەڵەی سێ یەم لەهەڵبژاردەكانی (ئینگلتەڕا، ڕۆمانیا، بەڕازیل، چیكۆسلۆڤاكیا) پێك هاتبوو، تیایدا هەردوو هەڵبژاردەی بەڕازیل و ئینگلتەرا سەركەوتن. كۆمەڵەی چوارەم پێكهاتبوو لە هەڵبژادەكانی (ئەڵمانیای خۆرئاوا، بولگاریا، پیرۆ، مەغریب) تیایدا هەردوو هەڵبژاردەی ئەڵمانیای خۆرئاواو پیرۆ سەركەوتن. یەكەم یاری ئەم مۆندیالە لەنێوان مەكسیك و یەكێتی سۆڤیەت بوو، یاری كۆتایی ساڵی ١٩٧٠ لەنێوان هەڵبژاردەی بەڕازیل و ئیتاڵیا بوو، تیایدا هەڵبژاردەی بەڕازیل بە ئەنجامی ٤ — ١ بەسەر هەڵبژاردەی ئیتاڵیادا سەركەوت، هەڵبژاردەی ئەڵمانیا پلەی سێ یەمی بەدەست هێناو هەڵبژاردەی ئۆرۆگوای پلەی چوارەم، سەرجەم یاریەكانی ئەم مۆندیالە ٣٢ یاری بوو، سەرجەم گۆڵەكانیش كەلەم مۆندیالە تۆماركران ٩٥ گۆڵ بوو، باشترین یاریزان (بیلی بەڕازیلی)بوو، باشترین هێڵی بەرگریش (هەڵبژاردەی بەڕازیل)بوو بە ٧ گۆڵ، باشترین هێڵی هێرش بەر هەڵبژاردەی بەڕازیل بوو بە ١٩ گۆڵ بوو، ناوبژیوانی یاری كۆتایی (گلۆگنەر)ی ئەڵمانی بوو، جێرو مۆلەری ئەڵمانی توانی زۆرترین گۆڵ بەدەست بێنێت و سەرجەمی گۆڵەكانی ١٠ گۆڵ، سەرجەمی بینەرانی هەموو مۆنیال ١٦٧٣٩٧٥ كەس بوون، یاری كۆتایی ١١٠٠٠٠ هەزار كەس ئامادەیی بینینی بوون.

# یاریزان هەڵگۆرد مەلا محەمەد بۆ هەڵگۆرد دەدوێت

■ ئا: باڵەك دەربەندی

یەكێ لە یاریزانەكانی هەڵبژاردەی ئۆلۆمپیاتی عێراق و بەشدارە لە تەسفیاتی پەكین ئێستا چەند ڕۆژێكی پشوو لە رانیە بەسەردەبات، هەفتەنامەی هەڵگۆرد بە باشی زانی ئەم دیمانەیەی لەگەڵ سازبكات:

هەڵگۆرد: خۆت بە خوێنەران بناسێنە؟

هەڵگۆرد مەلا محمد: ناوم هەڵگۆرد مەلا محمد زێباریە، لە ١٩٨٨/٣/١١ لە دایك بووم لە ئاكرێ، تەمەنم ١٩ ساڵەو یاریزانی هەڵبژاردەی ئۆلۆمپی عێراقم.

هەڵگۆرد: سەرەتای دەركەوتن وەك یاریزان دەگەڕێتەوە بۆ كەی؟

هەڵگۆرد مەلا محمد: سەرەتا لە فروق شەعبیەبووم، یاریم دەكرد لە موصل، تیپێك بووین گشتمان بنەماڵەی مەلا محمد بووین، لەساڵی ٢٠٠٣ چووم بۆ (هەڵبژاردەی تازەپێگەیشتوانی عێراق)هەر هەمان ساڵ بەشداریمكرد لە (جامی نەتەوەكانی ئاسیا)پاڵاوتنی كۆتاییەكان لە یابان، دواتر هاتم بۆ یانەی سلێمانی و یاریم بۆ كرد، پاشان گەڕامەوە بۆ (هەڵبژاردەی لاوانی عێراق) پاڵاتنمان كرد دواتر بانگهێشتم بۆهات لەلایەن (عبدالحمید)بۆ تەسفیاتی ٢٠٠٥ دوو یاریمانكرد لەكوێت لەگەڵ كوێت و لوبنان لەكوێت سەركەوتین بۆ ئاسیا، وەهەروەها ساڵی ٢٠٠٦ چوار یاریمانكردو لەگەڵ سعودیە یەكسان بووین بەئەنجامی (٢–٢)گۆڵێكم تۆماركرد لە سعودیە، دواتر لەگەڵ ڤێتنام و مالیزیا سەركەوتین بۆ قۆناغی دووەم لەگەڵ كۆریای باكور دەرچوون بەئەنجامی (٢ — ٠)لە پاڵەوانیەتی دەرچووین پاش ئەوە گەڕامەوە بۆ هەڵبژاردەی نادی تەڵەبە، تاكو ساڵی ٢٠٠٥ — ٢٠٠٦ یاریمكرد، وەك خۆتان دەزانن باری ئەمنی خراپ بوو گەڕامەوە بۆ سلێمانی لە ساڵانی ٢٠٠٦ — ٢٠٠٧ نزیكەی حەوت تاكو هەشت یاریم بۆ كرد، تاكو دەوری ناوچەی باكوور نیوەی یاریەكانم نەكرد لەبەرئەوەی پەیوەندیم هەبوو بە هەڵبژاردەی ئۆلۆمپی عێراق، سلێمانیم جێ هێشت ئێستا لە هەڵبژاردەی ئۆلۆمپی عێراق یاری دەكەم.

هەڵگۆرد: یاریزانی بەناوبانگی ئاسیا هاواری برات كاریگەری هەبوو لەسەرت بۆ ئەم ئاستەی ئێستات؟

هەڵگۆرد مەلا محمد: هەڵبەتە سەركەوتن و نواندنی ئاستێكی جوانی هاوار هاندەرێك بووە بۆمن، وەهەروەها خۆشم خۆشەویستی و ئارەزوێكی تایبەتم هەبووە بۆ تۆپی پێ.

هەڵگۆرد: تەنها خۆت و هاوار یاریزانن لەنێو بنەماڵەكەتان؟

هەڵگۆرد مەلا محمد: نەخێر، هەموومان یاریزانین، بەڵام ئەوانی تر وەك من و هاوار هەلیان بۆ نەڕەخساوە بەم شێوەیە دەركەون، هۆگری برام لەمن بچوكترە یاریزانێكی باشە بەڵام لەهیچ یانەیەك ناكات، وە خالیدی ئامۆزام و چیای برازام لەنادی پێشمەرگە یاریدەكەن.

هەڵگۆرد: ئاستتان چۆن بوو لەم خولەی پاڵاوتنی پەكین، بەتایبەتی تۆ؟

هەڵگۆرد مەلا محمد: وەك هەڵبژاردە باش بووین، ئاستمان زۆر باش بوو، ئەوانەی قۆناغێك بوو تایلەندو كۆریای باكوورو هیندو عێراق و كۆریای شیمالی یەكەم بوون، كۆمەڵەی ئێمە ئوستوڕاڵیاو كۆریای باكوورو عێراق هەتا سێ یاریمانكرد، وەلەگەڵ ئوستوڕاڵیاو لوبنان و كۆریای شیمالی حەوت خاڵمان هەبوو، لەگەڵ ئوستوڕاڵیا یەكسان بووین و دوو یاریشمان بردەوە.

هەڵگۆرد: هیچ گۆڵێكت تۆماركرد لەم خولە؟

هەڵگۆرد مەلا محمد: نەخێر، بەڵام لە یاری دۆستانە دوو گۆڵم تۆماركرد لەگەڵ ئیماراڕت و ئوردن.

هەڵگۆرد: لەدواساتەكانی یاری نێوان كۆریای باكوورو عێراق هەلێكی گۆڵكردنت لەدەست چوو، ئەمە چۆن بوو هەستت بەچی كرد؟

هەڵگۆرد مەلا محمد: هەڵبەتە كاتێكی زۆر ناخۆش بوو، هەستم بە دڵ تەنگی خۆمكرد، هەرچەندە سەرەتاش بوو بەڵام زۆر زەحمەتیش نەبوو.

هەڵگۆرد: چەند یاریتان ماوە لەم خولە؟

هەڵگۆرد مەلا محمد: سێ یاریمان ماوە، ٢٦ مانگ سەفەردەكەم بۆ عەممان و یاریمان هەیەو ئۆردووگای مەشقیشمان هەیە، حەوت ڕۆژ دوایی دەچینە سین و دواتر دەچینە كۆریای شیمالی لە ١٠/١٧ یاریمان هەیە لەگەڵ كۆریای باكوور، ١٠/٢٨ یاریمان هەیە لەگەڵ ئوستوڕاڵیا لەنێو خاكی خۆیان، وەهەروەها ١١/١٥ یاریمان لەگەڵ لوبنان هەیە لە قەتەر تەواو دەبین، ئەگەر سەركەوتین ئەوا بەشداری ئۆلۆمپیاتی پەكین دەكەین.

هەڵگۆرد: لە ئۆلۆمپیاتی عێراق چەند یاریزانی كوردی تێدایە؟

هەڵگۆرد مەلا محمد: سەرەتا تەنها من بووم، دواتر دارا محمد خەڵكی كەركوكە هات، دواتر كارزان محسین هات، وە یەكێكی تر ناوی كارزانە لەیانەی ئارارات یاریدەكات لە مصیف، ئێستا چوار یاریزانی كورد یاریدەكەن بۆ هەڵبژاردەی ئۆلۆمپی عێراق.



هەڵگۆرد: سوپاس بۆ ئەم دەرفەتەت كە بۆ ئێمەت ڕەخساند، دواووتەت بۆ خوێنەران چییە؟

هەڵگۆرد مەلا محمد: سوپاستان دەكەم، سوپاسی هەفتەنامەكەتان دەكەم و خۆشحاڵم بۆ هەفتەنامەی هەڵگۆرد دەدوێم كە خۆشم ناوم هەڵگۆردە، شانازی پێوەدەكەم من و هاواری برام لەپێناوی سەربەزی كورد ئامادەین وەرزش بەپاكی بەكاربهێنین.

*** ئەم چاوپێكەوتنە لە كۆتایی مانگی (٩) نۆ ئەنجام دراوە بەڵام بەهۆی ئەوەی كە ڕۆژنامەكەمان وەستا بوو نەمانتوانی لەكاتی خۆی بڵاوی بكەینەوە داوای لێبوردن لە كاك هەڵگۆرد و خوێنەرانمان دەكەین**

# كچانی دواناوەندی فیدراڵی و كورانی دواناوەندی باڵەك یەكەم بوون



**ئا :هەڵگۆرد**

لە سنوری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی چۆمان خولێكی تۆپی باڵە، بۆ (٣٤) تیپی قوتابخانەكانی سنوری بەڕێوەبەرایەتیەكە بەڕێوە چوو، خولەكە بەڕێوەبەرایەتی چالاكی وەرزشی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی چۆمان ڕێكیخستبوو تیایدا بەجیا قوتابخانەكانی كوڕان و كچان بەژدار بوون ، لە نێویاندا (١٢) تیپی قوتابخانەی دواناوەندی كچان و (١٠) تیپی قوتابخانەی دواناوەندی كوران و (١٢) تیپی قوتابخانەی سەرەتای كچان بەشداریان تێدا كرد بوو، سەر لەبەیانی ٢٠٠٧/١١/٧ بە ئامادە بوونی جەماوەرێكی وەرزشی، لە هۆڵی داخراوی وەرزشی چۆمان یاری كۆتایی لە نێوان تیپەكانی سەركەوتوو بۆ یاری كۆتایی بەڕێوەچوو، بۆ دواناوەندیەكانی كچان تیپی تۆپی باڵەی فیدڕاڵی كچان بە (٢–٠)گێم سەركەوت بەسەر تیپی باڵەی قەسرێ، بۆ دواناوەندیە كوڕەكانیش قوتابخانەی دواناوەندی كوڕانی باڵەك سەركەوت بەسەر قوتابخانەی گەلاڵە بە (٢–١)گێم، هەر هەمان ڕۆژ لە سەر ئاستی قوتابخانە سەرەتایەكانیش، قوتابخانەی بنگرد و قەسرێ یاری كۆتاییان كرد، لە ئەنجامدا قوتابخانەی بنگرد بە (٢) گێمی بێبەرامبەر بردیەوە، دواتر خەڵات بەسەر تیپە سەركەوتووەكان دابەش كرا. رامیار ئەحمەد مامۆستای وەرزش و كارمەندیچالاكی وەرزشیەكانی چۆمان ئەوەی بە هەڵگۆردی ڕاگەیاند كە ئەمە سێیەمین خولی ئەمساڵی چالاكی وەرزشیەكانی پەروەردەی چۆمانە و بڕیاریشە چەندین خولی تر بكەنەوە و ئەوەشی ڕاگەیاند بۆ ئەمساڵی خوێندن بەرنامەیەكی تۆكمەیان هەیە و پێشبینی بەرەو پێشچوونی بەرچاوی بوارەكەشی كرد.

## ونبوون ونبوون ونبوون

دوو ناسنامەی خانە نشینی بە ناوەكانی(مەحمود مستەفا عەلی)بە ژمارە ٣٨٢٦٥سۆران، و پیرۆز كامەلا ڕەسول ونبوونە هەركەسێك دۆزیویەتیەوە بیگەڕێنێتەوە بارەگای هەفتەنامەی هەڵگۆرد.

## پرسە پرسە پرسە

بەناوی ستافی هەڵگۆردەوە پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی هەردوو بەڕێزان ماموستا ئیسماعیل بەگەكە لە دیوانی پەروەردەی چۆمان و ماموستا كاروان بەڕێوەبەری ناوەندی چۆمانی كوران دەكەین بەهۆی كۆچی دوایی باوكی هەردوو بەڕێزان لە یەزدان داواكارین بە بەهەشتی نەمریان شاد بكات و دوا ناخۆشی بنەماڵەكانیان بێت.

